## سیناریۆکەی هیشام مەحمود دۆسیەکەی دانەخست

# بکوژانی سەردەشت عوسمان لە"سەرەوەی هەرەمی دەسەڵات"دان

ژیان: هاوژین غەریب

هەشت ساڵ لەمەوبەر سەردەشت عوسمان، لەسەر نوسینەکانی تیرۆرکرا، دۆسیەکەی هێشتا بەکراوەیی ماوەتەوە، کەسوکارەکەی پێیانوایە ئەو کەسانەی سەردەشتیان تیرۆرکردوە لەسەرەوەی "هەرەمی دەسەڵاتدان". سیناریۆکەی هیشام مەحمودیش بە گاڵتەچاڕی ناودەبرێت.

سەردەشت عوسمان، گەنجێکی شاری هەولێرو خوێندکاری کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی ئینگلیزی بوو، لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ بوو لەخێزانێکی هەژار، بەرەبەیانی رۆژی ٤ی٥ی ٢٠١٠ لەبەردەم کۆلێژەکەی خۆی ئۆتۆمبێلێك دێت و بەبەرچاوی پاسەوانەکانی کۆلێژو خەڵکیەوە لەکاتژمێر هەشت دەیرفێنن، دوای دوو رۆژ هەواڵی دۆزینەوەی تەرمەکەی لەژێرنوسی تەلەفزیۆنەکانی پارتی دیموکراتەوە بڵاوکرایەوە.

هاورێیەکی سەردەشت کە لەوکاتەدا لەماڵی ئەوان دەبێت هەواڵەکە دەخوێنێتەوەو نوسراوە ئەو کورە خوێندکارەی لەناو شاری هەولێر دیارنەمابوو دۆزراوەتەوەو بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنێکەوە کە لەژێرنوسی هەواڵەکەدا دانراوە، ئەمە گێڕانەوەی رۆژنامەنوس نیاز عەبدوڵایە بۆ (ژیان).

دوای ئەوە کە خێزانەکەی دەچنە پزیشکی دادوەری موسڵ لەوێ پزیشکی دادوەری موسڵ پێیان دەڵێن دوو کاتژمێر پێش ئەوەی تەرمەکە بگات بەئێمە کوژرابوو، کەواتە رۆژێك دوای ئەوەی دیار نامێنێت فیشەکێك دەنێن بەناو دەمیەوەو لەپشتی سەریەوە دەردەچێت.

ئەم شێوازی کوشتنە وەك نیاز عەبدوڵا، دەڵێت "ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەردەشت بەتەنها لەسەر نوسین و قەڵەمەکەی تیرۆر کراوە".

لەدوای تیرۆری ئەو رۆژنامەنوسە زۆرترین پەنجەی تۆمەت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان راکێشرا، هەتا ئێستاش زۆرینەی رۆژنامەنوسان ئەو حزبە بەتاوانبار دەزانن، هەمیشە بەهانەی رۆژنامەنوسان بۆ پارتی ئەوەیە کە ئەو حزبە دەسەڵاتداری یەکەمی هەولێر بووە سەرجەم دەزگا ئەمنیەکانی ئەو شارە لەژێر دەستیدان.

بەشدار عوسمان، برای سەردەشت، بە (ژیان)ی وت "کاتێك زانیمان دەزگای دادوەری و ئەمنی دەیانەوێت دۆسیەکە بەلارێدا بەرن لێی کشاینەوەو بۆخۆیانمان بەجێهێشت، ئەوان ئەو کاتەش هاتن کەسێکیان هێنا بەناوی ئەوەی کە ئەو کەسە بکوژی سەردەشتە ئێمە خۆمان زانیمان ئەو کەسە تەنها ئەکتەرێکەو رۆڵێکی پێدراوە".

هیشام مەحمود، ناوێك لەدۆسیەی سەردەشت عوسماندا کە زۆرینەی رۆژنامەنوسان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو ناوە تەنها بۆ سیناریۆ بەکارهاتووە، بە گوێرەی بەدواداچونەکانی بەرلەوەی سەردەشت تیرۆر بکرێت هیشام بەسێ مانگ پێشتر لەزینداندا بووە لەشاری




**تا تاوانبارانی راستەقینەی ئەو دۆسیەیە دەستگیرنەکرێت ئەو دۆسیەیە هەر دەمێنێتەوەو داناخرێت**

هەولێر، دوای ئەوەی ئازادیخوازان و بنەماڵەکەی ئەو دۆسیەیەیان رەتکردەوە، دادگا توانی ئەو دۆسیەیە یەکلایی بکاتەوەو ئەوەی سەلماند کە هیشام دوورو نزیك هیچ پەیوەندییەکی بەدۆسیەی سەردەشتەوە نیە.

نوسەرو رۆشنبیر، رێبین هەردی، لەبارەی هیشامەوە پێیوایە: ئەویش وەك بەشداربویەك تاوانبارە لەم تیرۆرەدا بەڵام بەریزبەندی یەکەم بڕیاردەرو پلاندارێژەری ئەم تیرۆرە بەرپرسە، بەڵام ئەمیش لەبەرئەوەی بەشداربویەکە لەو دۆسیەیەدا پشکی بەردەکەوێت و تاوانبارە، ئەوانە ئەمر جێبەجێ دەکەن پێدەچێت ئەوەی سەردەشتی تیرۆر کرد بێت سەردەشت هەر نەناسێت و نەزانێت بۆ دەیکوژێت، تاوانباری سەرەکی ئەوەیە کە ئەمری کردووە ئەوەیە کەپلانەکەی دارشتووە.

نیاز عەبدوڵا، وەك رۆژنامەنوس و هاورێیەکی سەردەشت زۆر هەوڵدەدات بزانێت چارەنوسی ئەو کەسە بەچی گەیشتووە، "بەڵام بەداخەوە خەڵکانی وەك ئێمە هیچ زانیاریەکی دەست ناکەوێت، بەڵام دۆسیەی هیشام لەبابەتی سەردەشتدا کۆتایی پێهات".

پێشیوایە، هیشام ئەکتەرێکی گاڵتەجاری دەستی پارتی و هێزە ئەمنیەکانی هەولێر بووەو هیچیتر، بۆ ئێمەش بابەتی سەرەکی تیرۆرکردنی سەردەشت بوو نەوەکو هیشام، بەپێی ئەو زانیاریانەی من هەمە دوایینجار کە قسەم لەگەڵ راگەیاندنی ئاسایش کرد وتیان بڕیاری دادگا ئەوەیەو تا ئێستا هیشام ئازاد نەکراوە من لەوە زیاترم دەست نەکەوت، لەم جۆرە هیشامانە زۆرن لەکوردستاندا لەزیندانەکاندا هەیە، لەشەقامەکاندا هەیە".

براکەی سەردەشتیش ئەو کەسە بە قوربانی دەزانێت و دەڵێت "قوربانیەکە وەك چۆن هەموو تاکی ئەم میللەتە قوربانین لەژێردەستی ئەم حزبانەدا، ئەو ماڵەش هیچ پەیوەندیەکیان بە ئێمەوە نەکردووە ئێمەش هیچ پەیوەندیەکمان نەکردووەو ناشیکەین، ئەو کورە بۆخۆشی لەدادگادا وتویەتی کە من بێبەریم لەو تاوانە نە دەیناسم نە ئاگادار بووم نە گواستومەتەوە".

هیشام، لەبەردەم دادوەر وتویەتی لەمانگی شوباتی ٢٠١٠ لەزیندانبووە، واتە سێ مانگ پێش تیرۆری سەردەشت، ئەوەش لەوەڵامی ئەوەدا کە دادوەری پرسیاری ئەوەی کردوە، لەهیشام کەی گیراویت.

ئەگەرچی هەشت ساڵ بەسەر تیرۆری سەردەشت عوسماندا تێدەپەڕێت، بەڵام ساڵ لەدوای ساڵ بەشێوەیەکی بەرفراوانتر یادەکەی دەکرێتەوە، دۆسیەکەی بەلای کەسوکاری و رۆژنامەنوسانەوە بەکراوەیی ماوەتەوە.

بەشدار عوسمان، برای سەردەشت عوسمان، وتی "دەبێت بکوژانی رۆڵەکەمان بدرێنە دادگا، چونکە ئەوەی دراوەتە دادگا تەنها قوربانیەکەو هیچیتر، بکوژی راستەقینە دەرنەکەوتووە بە هەموو لایەنە ئەمنی و دادوەریەکان خرانە خزمەتی ونکردنی بکوژەکانەوە".

ئەمساڵ دووەمین بەرگی کتێبی سەردەشت عوسمان بڵاوکرایەوە، هەرچەندە کاتێك کتێبەکە برایە هەولێر ئاسایش دەستی بەسەر ئەو چاپانەی کتێبەکەدا گرت کە دەیانویست بیبەنە شارەکە، بەڵام دواتر بەشێوەی نهێنی ئەو کتێبە بردرایە ئەو شارەو دوێنێ شەممە لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر بڵاو کرایەوە.

هاوکات وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەپشکی یەکێتیە بە دەستەی ئامادەکاری مەراسمی ساڵیادی سەردەشتی راگەیاندبوو کە نابێت ئەو مەراسیمە لەناو شاری هەولێردا بکەن، مەراسیمەکە لەسەر گڵکۆی سەردەشت لەگوندی گرد عازەبان ئەنجامدرا.

رێبین هەردی، نوسەرو رۆشنبیر، بە(ژیان)ی وت "تا ئەو کاتەی پێشێلکاری و سەروەرنەبونی یاسا هەبێت دۆسیەی سەردەشت هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوە، تا تاوانبارانی راستەقینەی ئەو دۆسیەیە دەستگیرنەکرێت ئەو دۆسیەیە هەر دەمێنێتەوەو داناخرێت".

سەردەشت عوسمان، لەژیانیدا خاوەنی چەند بابەتێك بوو کە تیایدا بە رون و راشکاوی رەخنەی لەسەرکردەکانی یەکێتی و پارتی دەگرت، لەرۆژنامەیەکی نەناسراو بۆچونەکانی بڵاودەکردەوە، بەڵام نوسینەکانی ئەوەندە کاریگەریان هەبوو کە بیر لەتیرۆرکردنی بکرێتەوە، چونکە پێش ئەوەی تیرۆر بکرێت لەبابەتێکیدا بەناوی "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا" باس لەهەڕەشەیەکی تیرۆر دەکات لەسەر ژیانی.

براکەی سەردەشت لەکاتی ئامادەکاری بۆ هەشتەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی براکەی وتی "بکوژانی سەردەشت لەهەرەمەی دەسەڵاتدا لەسەرەوەی سەرەوەن، بەڵگەو زانیاری زۆر هەیە لەو بارەیەوە، لەپێش تیرۆرکردنی سەردەشت لەگەڵ بکوژەکانی قسە دەکات لەوتاری "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا" باس لەوە دەکات کە هەڕەشەی لەسەرە".

وتیشی "دوای تیرۆرکردنیشی بەڵگەو زانیاری زۆر هەبوون، بەڵام دەسەڵاتی ئەمنی و دادوەری ئیشیان لەسەر بەڵگەکان نەکرد بەڵکو ئیشیان لەسەر بەلارێدا بردنی دۆسیەکە کرد، ئەوەندە بەڵگەی زۆرو ئاشکرا لەبەردەستدا بوو کە بکوژە راستەقینەکە بدرێتە دادگا، بەڵام ئەوان ونیان کرد".

سەردەشت بە چەند رۆژێك پێش تیرۆر کردنی ئاهەنگی دەرچونی لەزانکۆ دەگێرێت لەگەڵ هاورێکانی، لەو ئاهەنگەدا کۆتا وێنەکانی ژیانی دەچرکێنێت بێ ئاگا لەوەی ئەو وێنانە دەبنە یادگاری بۆ خێزانەکەی، ئەو کە دەهەمین منداڵی خێزانەکەیەتی و دوای ئەویش دوو برای تری لەدایکبوون، بەشدار کە برایەکی گەورەی سەردەشتە وتیشی "هەتا٥ی٥ی٢٠١٠ سەردەشت کوڕی ئێمە بوو، بەڵام لەدوای ئەو رۆژە سەردەشت کوری هەموو کوردستانە بە تەنها کوری ئێمە نیە".

ناوبراو وتیشی: کەیسی سەردەشت لەلای ئێمە وەك بنەماڵە و لەلای ئێوە وەك دەزگاکانی راگەیاندن و خەڵکانی ئازادیخواز بە کراوەیی ماوەتەوە هەتا ئەو کاتەی کە دادگایەکی سەربەخۆ دەبێت بکوژانی راستەقینە بە سزای خۆیان دەگەن.


سەردەشت عوسمان

## یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا*

لەچەند رۆژی رابردوودا بۆ یەکەمین جار پێیان گوتم، کە تەمەنت چەندی نەماوە، یان بەگوتەی خۆیان مۆڵەتی هەناسەدانم لەم شارەدا نەماوە، بەڵام نە باکم بەمردنەو نە ئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت. بۆیە ئەم قسانە دەکەم تابزانن گەنجەکانی ئەم وڵاتە چ هۆلیسۆسێکن و مردن سادەترین هەڵبژاردنیانە، بۆئەوەی تێبگەن کە ئەوەی ئێمە دەترسێنێت بەردەوامی ئەم رۆژگارەی ئێستایە بۆ نەوەیەکی داهاتوو، نەك مردنی خۆمان، کاری منیش خۆشبەختی برا بچوکەکانمە، نەك خۆم .

زۆر بەسادەییش تاکە هۆکاری نیگەرانی من لەم هەڕەشانە ئەوەیە، کە هێشتا زۆرشت ماون قسەیان لەسەربکەین و هەر ئاوا بەجێیان بهێڵین . بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، کە باکی بەمردنی نەوەکانی خۆی نییە. دوێنی راگری کۆلێژەکەم ئاگادار کردەوە، کە شەوی رابردوو ئیهانەو تەهدیدی کوشتنیان کردووم، بەڵام ئەو وتی ئەمە کێشەی پۆلیسە، نازانم ئەبێت لەم سەر زەمینە وڵاتێك هەبێت، کە خوێندکارێکی زانکۆکەی هەڕەشەی کوشتنی بکرێت و زانکۆش بێموبالاتانە بە دیار ریسوایی خۆیەوە دابنیشێت؟ دەبوو راگرەکەم کەیسی من بکات بە کەیسی خۆی، یان خودی زانکۆ، چونکە من لەئێستادا بەشێکم لەم زانکۆیە، بەڵام هەرگیز تووشی شۆك نەبووم، چونکە دەمێکە دەزانم کە زانکۆی ئەم وڵاتە ماڵی ئاسوودەیی ئێمە نین. دوای ئەوەش پەیوەندیم بەعەمید عەبدولخالقی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرەوە کرد پێمی گوت "لەوانەیە ئەم ژمارەی مۆبایلە هی دەرەوەی وڵات بێت، یان کێشەیەکی شەخسی بێت، لەوانەیە چەند جارێکی دیکەش دووبارە بێتەوە، بەڵام هەولێر ئارامەو شتی ئاوای لێڕوو نادات .

بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە خەیاڵم کرد بەقسەی جەنابی بەڕێوەبەر بێت لەوانەیە سارکۆزی بێت ئەم هەڕەشانەی کردبێت، ئاخر من چۆن لەگیانی خۆم دڵنیابم، کە چەند رۆژێکە هاوڕێیەکم لەسەر چەند نووسینێکەوە درایە بەر شەق و ناچاربوو، ئەم شارە جێبێڵێت ؟ هەرچی بێت من لەم شارە نارۆم و لەچاوەڕوانی دیداری مردنی خۆم دادەنیشم. ئەزانم ئەمە یەکەمین زەنگی مردنی خۆمە کە لەکۆتاییدا دەبێت بەزەنگێك بۆ گەنجەکانی ئەم مەملەکەتە، بەڵام ئیدی ئەمجارە نەسکاڵا تۆمار دەکەم و نەلایەنە بەرپرسەکان ئاگادار دەکەمەوە، هەنگاوێکە ناومەو ئازارەکەشی خۆم ئەیگرمە ئەستۆ، ئیدی بۆ من لەداهاتوودا هەر وشەیەك کە دەینووسم وابیردەکەمەوە، کە دواهەمین وشەبێت لەژیانمدا، بۆیە هەوڵ دەدەم هێندەی حەزرەتی مەسیح راستگۆبم لەگوتەکانما، خۆشحاڵیشم، کە هەمیشە شتێکم هەیە بۆ گوتن و کەسانێك نایانەوێت بیبیستن، بەڵام هەر کاتێك ئێمە بەچرپە قسە دەکەین ئەوا ئەوان گوێچکەکانیان نائارام دەبن . تا ئەو شوێنەی کە ماوین ئەبێت قسە بکەین، لەو شوێنەش، کە تەمەنمان کۆتاییهات با هاوڕێکەم خاڵێکم بۆ دابنێت و بێتە سەر دێڕێکی نوێ و سەر لەنوێ دەستپێبکاتەوە .

* ئەم وتارە چەند رۆژێك پێش تیرۆرکردنی لەلایەن سەردەشت عوسمانەوە بڵاوکراوەتەوە